## تێزی ٣٨: حامد: خودا لە پەرتووکی قوڕئاندا ئیزن بە مرۆڤ نادا لەسەر مەیلی خۆی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەو دیاری بکات. پلان و بەرنامەکەی یاسایە و جێی مامەڵە نییە

خودا بە ڕوونی  لە پەرتووکی قوڕئاندا ڕایدەگەێنێ، چ شتێکی لە مرۆڤ دەوێت:

*"من هەر بۆیە جنۆکە و مرۆم دروس کرد، بمپەرستن."* (سووڕەی ٥١ ئایەی ٥٦)

لێرەدا خودا مرۆڤ وەك کەرسە یاخود شت و مەکێکی پەیوەندایەتی سەیر دەکا کە خۆی ناوی "پەیوەندایەتی خۆشەویستی" لەسەر داناوە. ئەو شتە من وەبیر چیرۆکی پاشایەکی ناعادڵ دەخاتەوە کە زۆر زاڵمانە حکوومەتی کردوە و جارێکیان جل و بەرگی خۆی گۆڕیوە و خۆی تێکەڵاوی خەڵکەکەی کردووە بۆ ئەوەی بزانێ خەڵکی سەبارەت بەو چۆن بیر دەکەنەوە و چی لەسەر دەڵێن. بەڵام کاتێ خەڵکی ئەویان لەسەر شەقامەکە ناسیەوە، بە ترسەوە ڕایان کرد و خۆیان لە ماڵەکانیاندا شاردەوە. پاشا هەستی بە کابرایەکی وەرزێر کرد کە لە پەنا کووچەیەکی تاریك خۆی مات کردبوو. لەپڕێکدا پیاوە هەژارەکە بە لەرزەوە لە بەرانبەر پاشادا ڕاوەستا. "بۆچی بەو شێوەیە دەلەرزی؟" پاشا لێی پرسی. وەرزێرەکە وەڵامی دایەوە "جەنابت شای منی، من لە هەنبەر جەنابت ترسم هەیە!". پاشاکە لە وەڵامیدا بە تووڕەییەوە پێی دەڵێ: "پێویست ناکا لە من بترسن. تەنیا دەبێ منتان خۆش بوێ!"

خودا ژیانی بە مرۆڤ نەداوە بۆ ئەوەی چێژی لێ بەرێ، بەڵکوو تەنیا بۆ ئەوەی سەری لەبەر دانەوێنێ و پلانەکەی بۆ مسوگەر بکا. خودا یاسای گەلێك توند و تیژی بۆ مرۆڤ داناوە، کە دەبێ بەڕێوەیان بەرێ. لە ڕێگای دوورەوە لە مرۆڤی دەوێ کە خۆی لە تاوان دوور ڕاگرێ و لە ئەگەری بەڕێوەبردنی تاوان و تاوانکاری بە دەستی خۆی تۆڵەیان لێ دەستێنێتەوە. تەنیا ئەوکاتەی مرۆڤ سەری بۆ دانەوێنێ و یاساکانی

بەڕێوەبەری، هەست بە دڵۆڤانی و خۆشەویستییەکەی دەکا. لێرەدا چ جێگایەك بۆ خۆشەویستییەکی دوو لایەنە دەهێڵێتەوە؟

موسوڵمان و کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرتووکی قوڕئاندا وەك باشترین کۆمەڵگا سەیر دەکرێن، کە تا ئەو کاتە جیهانی مرۆڤایەتی بەخۆوەی نەبینیوە، چونکە گۆیا ئەوان بانگەواز بۆ کاری چاك دەکەن و کاری خراپ و تووڕە یاساغ دەکەن. تەنانەت ئەو بەسەردا هەڵکوتنەی کتێبی قوڕئانیش کاتێ دەگوترێ کە خودا هاوکات، ڕق و کینەی خۆی لە هەنبەر دوو کۆمەڵی یەهوودی و مەسیحی دەدرکێنێ:

*"ئێوە چاکترین کۆمەڵن لەناو مەردمی دنیادا سەرووهەڵدا؛ فەرمان بە چاکە دەدەن و ڕێ لە ناڕەوا دەبەستن. باوەڕیشتان بە خوا هەیە. خۆ ئەگەر ئەهلی کتێبیش بڕوایان بهێنابا، بۆیان چاکتر دەبوو. ئەوانیش ئیوایان تێدا کە بەبڕوان؛ بەشی زۆریش لە ڕێی خودا لایانداوە."* (سووڕەی ٣ ئایەی ١١٠)

زۆربەی موسوڵمانان ئەو سووڕەیە بە شێوەیەك لێکدەدەنەوە کە تاوان دەبێ بە شەڕ و ڕق و کینە و تووڕەیی وەڵام بدرێتەوە. دادپەروەرانی شەریعەت لە عەرەبستانی سعودی، ئێران یا باندا ئاچ "Banda Aceh"ی وڵاتی ئیندۆنیزیا کە فەرمانی قامچیکاریی مرۆڤ لەسەر خواردنەوەی ئەڵکۆڵ یا بەردەبارانکردنی زیناکار دەدەن، خۆیان بەو سووڕەیەوە هەڵواسیوە. باوەڕپێکراوانی زێدەڕۆ کە شاڵاو دەبەنە سەر بەڕێوەبردنی زەماوەند و شادی خەڵکی دەشێوێنن و ئەسید بە دەموچاوی سەماکەر دا دەکەن، خۆیان وەك بەڕێوەبەری پلانی ئیلاهی دەناسێنن. کوشتنی ناموسی و زۆرەملی لەهەنبەر ئەو ژنانەی دەیانەوێ لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستن و ژیانی خۆیان لەسەر مەیلی خۆیان بەڕێوەبەرن، بە گشتی بەهۆی ئەو سووڕەیەوە بە فەرمی دەکرێن.

خودا دەبوو بیزانیبا کە لە نێوان باوەڕپێکراواندا زۆر کەس هەن لە پلانە شاراوەکەی بۆ پەیوەندایەتی نێوان مرۆڤ و خۆی کە هەوڵی

چارەکردن لە ڕێگای عیرفانەوە دەکا، تێ ناگەن. زۆربەی باوەڕپێکراوان چ لە ڕابردوودا و چ لەمڕۆدا پەیوەندایەتی لەگەڵ خوداکەیان بە شێوەی ستوونی (عمودی) تێ دەگەن: خودا لە "سەرەوە" ئاخەفتن دەکا و فەرمان دەدا، مرۆڤ لە "ژێرەوە" بە بێ ڕەخنە دەبێ سەری بۆ دانەوێنێ و فەرمانەکان بەڕێوە بەرێ. تەنیا بەو شێوازە دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا.

من ئەو شتە ڕەد ناکەمەوە کە مرۆڤ دەتوانێ کتێبی قورئان بە چەندین شێواز بخوێنێتەوە و لێی تێ بگا. سەرەڕای ئەوەش بۆ ئەو کارە چاوەڕوانی لە مرۆڤ بۆ پلەی خوێندەواری و لێ تێگەیشتنی دەکرێ و بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی بەستراوە بە مەبەستی سیاسی خۆیان، چەشنی خوێندنەوەکە دیاری دەکەن. بە پێی بارودۆخ مرۆڤ دەتوانی لە مانا ڕاستەقینەکەی تێ بگا، ئەگەر خۆی پێی خۆش بێ. یا هەوڵ بدا ئاڵۆزی نەکا و تەنیا لە مانا ساکارەکەی تێ بگا.

ئەو هەڵس و کەوتە لە لایەن زۆربەی عالمان و ڕاوێژکارانی ئیسلامیەوە بەو شێوەیە بەڕێوەدەچێ: خودا مرۆڤی خوڵقاندووە و هەر خۆشی لاوازی و خاڵە باشەکانی چاکتر لە هەموو کەسیتر دەناسێ. بۆ ئەوەی مرۆڤ لەهەنبەر لاوازییەکانی پارێزگاری بکا، چۆنیەتی هەڵس و کەوتیشی بۆ دیاری کردووە کە دەتوانێ لە یاساکانی شەریعە دا بیانخوێنێتەوە. هەر کەس پەیڕەوی لە یاساکانی شەریعە بکا، پشتیوانی لە پلانی خودا دەکا و دەتوانێ چاوەڕوانیی دڵۆڤانیەکەی بێت. بەڵام بەداخەوە زۆربەی مرۆڤ ناتوانن پلانی ئیلاهی بەڕێوەبەرن، هەر بەو هۆیەشەوە دەخرێنە جەهەننەمەوە!

درێژەی هەیە ...